دکتورسا لح ئیبراهیمی



دەڵێ: خۆزیا بۆ ژیانم لە پێشدا شتێکم بناردبایێ ﴿۲۴﴾ جا لەو ڕۆژەدا هیچ ئازاردەرێ وەکوو ئازاری ئەو جەزرەبە و عەزابی نادا ﴿۲۵﴾ هیچ کەس وەکوو خوا ئەو ناخاتە کۆت و بەندەوە ﴿۲۶﴾ ئەی گیانی ئاراوقارا گرتوو و لە خەم ڕەخسیوا! ﴿۲۷﴾ بۆ لای پەروەرێنەرت بگەڕێوە کە هەم تۆ لەو ڕازی و هەم ئەو لە تۆ ڕازییە ﴿۲۸﴾ جا وەرە نێو جەرگەی بەندەکانم ﴿۲۹﴾ بچۆ نێو بەهەشتم ﴿۳۰﴾

## سوورەی بەلەد

**سوورەی بەلەد (شار) لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۲۰ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێند بەم باژێرە (پاکەی مەککە) ﴿۱﴾ شارێ کە تۆ لەوێدای ﴿۲﴾ سوێند بە باوک و زارۆکێ کە دێتە دی (مەبەست ئیبراهیم و ئیسماعیلە کە پێغەمبەریش لەوانە) ﴿۳﴾ مرۆڤمان لە ڕەنجدا ئافراند و خوڵقاند ﴿۴﴾ ئایا وا دەزانێ کە هیچ کەس دەرۆسی نایێ و دەسی بەسەر ئەوا ناڕوا؟ ﴿۵﴾ دەڵێ: ماڵێکی زۆرم (بۆ ڕابواردن) لە دەس داوە ﴿۶﴾ ئایا لای وایە کەس ئەوی نەدیوە (و نایشیبینێ)؟ ﴿۷﴾ ئایا دوو چاومان بۆی ساز نەداوە؟ ﴿۸﴾ زمانێکیش و جووتێ لێو؟ ﴿۹﴾ ڕێگای هات (چاکە) و نەهات (خراپە)مان نیشاندا ﴿۱۰﴾ جا ئەو (سپڵە) بوو لەو ملە (عەقەبە) سەرنەکەوت؟ ﴿۱۱﴾ تۆ چوزانی ئەو ملە (سەختە سینەکێشە) چییە؟ ﴿۱۲﴾ ئازاد کردنی کۆیلەیە ﴿۱۳﴾ یا خۆراکدانە لە ڕۆژی قاتوقڕیدا ﴿۱۴﴾ بەتایبەت بە هەتیوێ کە خزم بێ ﴿۱۵﴾ یا مسکێنێ، خاکەسەر ﴿۱۶﴾ تا پاشان لەوانە بووبێ کە بڕوایان هێناوە و یەکتریان بۆ تابشتهێنان و خۆڕاگرتن و بەزەیی و زەحمەت ڕاسپاردبێ ﴿۱۷﴾ ئەوانە بەختەوەرن (و نامەی کردەوەیان ئەدرێتە دەسی ڕاستیان) ﴿۱۸﴾ ئەوانەی کە کافر بوون و نیشانەکانی ئێمەیان داوەتە دواوە، تۆخ و شوومن و (نامەی کردەوەیان ئەدرێتە دەستی چەپیان) ﴿۱۹﴾ چارەنووسیان ئاگرێکی بێدەرەتانە ﴿۲۰﴾



Dr. Saleh Ebrahimi